ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

زەوی و دەریاکان

مەککە

ناوەڕاستی وشکانییە

نوسینی
د. یەحیا وەزیری
وەرگێڕانی
شاهۆ ڕەشید غەفور

توێژینەوەیەکە بە بەکارهێنانی پێوانەکان و وێنەکانی مانگە دەستکردەکان

ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 PDF کتێبی 📚 پەڕەی فەرمی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👉 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF

مەککە

ناوەڕاستی وشکانییە

توێژینەوەیەکە بە بەکارهێنانی پێوانەکان و وێنەکانی مانگە دەستکردەکان

نوسینی
د. یەحیا وەزیری
دکتۆرا لە ئەندازیاری شارستانی

وەرگێڕانی
شاهۆ ڕەشید غەفور
ئەندازیاری شارستانی

پێداچوونەوەی زانستی
د.فؤاد محمد
دکتۆرا لە جیۆلۆجیدا

ناوی کتێب: مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانی زەوییە
بابەت: ئیعجازی زانستی
نوسینی: د. یەحیا وەزیری
وەرگێڕانی: شاهۆ ڕەشید
پێداچوونەوەی زمانەوانی: م.ئاوات أبوبكر، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی زمانی کوردی
پێداچوونەوەی زانستی: د.فؤاد محمد، دکتۆرا لە جیۆلۆجیدا
پیتچنین: شاهۆ ڕەشید
نەخشەسازی و دیزاین: زانیار ئەنوەر ئەحمەد
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٦
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی١٧٠٥ ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ 5
پێشکەشکردن 9
یەکەم: مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانی زەوییە، لای زانایانی (زمان و تەفیسر و جوگرافیا)................................ 15
دووەم: مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانی زەوییە، لای زانایانی هاوچەرخ... 20
سێیەم: سەلماندنی ناوەندبوونی مەککە بۆ وشکانی زەوی لە ڕێگەی پێوانەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە....... 24
چوارەم: بەڵگە بەرجەستەکان لەسەر ئەوەی کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز تاکە هێڵی بنچینەی کاتژمێر (توقیت)ـە بۆ جیهان... 41
پێنجەم: دەرەنجام و ڕێنماییەکانی لێکۆڵینەوەکە............... 51

پێشەکی وەرگێڕ

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە کە ئایینێکی زانستی نەگۆڕە، وێنەی دروستبوونی بچوکترین جیاوازی پێکدادان نابینرێت لە نێوان ئیسلام و زانستی ڕاوەستاو لەسەر ڕاستییەکی زانستی نەگۆڕ، نەك لەسەر ئارەزوو و بیردۆزەی گریمانەیی.

هەرچەندە ئامانجی ئەم پەیامە ئاسمانییە پیرۆزە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم مرۆڤایەتییە بۆ گەڕانەوەیان لە کۆیلایەتی ناڕەوا بۆ بەندایەتی پەرستراوی بێهاوتا، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەستەوسانی مرۆڤی بەرامبەر بەو ڕاگەیاندووە، لە لایەکی ترەوە هانی مرۆڤیشی داوە کە بیر لە دروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی بکاتەوە ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ (١٠١) ﴾ یونس، واتە: (بڕوانن لەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە...) یان هانیداوین بەسەر گۆی زەویدا بگەڕێین و سەیر بکەین چۆن لە سەرەتادا دروستکراوە: ﴿ قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَۚ ثُمَّ ٱللَّهُ يُنشِئُ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأٓخِرَةَۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ (٢٠) ﴾ العنكبوت، واتە: (بگەڕێن بەسەر زەویدا بڕواننە سەرەتای چۆنێتی دروستبوونی دروستکراوەکان).

ئەم ئایینە مرۆڤەکان لەسەر چاوساغی (بەصیرەت) ڕادەهێنێت و هانیاندەدات بە هزر و ژیرییەوە خودای خۆیان بناسن و بانگەوازی بۆ بکەن و وردبنەوە لە دروستکراوەکانی، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسف.

ئەوەی شیاوی باسکردنە ناوەنجێتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە فەرمانەکانیدا و ناوەنجێتی ئوممەتی ئیسلامییە بە هەموو واتاکانی ناوەنجێتییەوە (وسطية)، ئەمە جگە لە ناوەنجێتی ئەم ئایینە بە واتای باش و جوان، هەروەها بە واتای بیر و هەست و کات و شوێنیش، وەك خودای گەورە پێمانڕادەگەیەنێت و دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة، واتە: (ئێمە ئێوەمان کردووە بە ئوممەتێکی ناوەنجینە لە هەموو شتێکدا بۆ ئەوەی شایەت بن لەسەر خەڵکی بەگشتی).

یەکێك لە لایەنەکانی ناوەنجێتی ئەم ئوممەتە بریتیە لە ناوەندی ئەو شوێنەی کە لەکاتی گەورەترین عیبادەتماندا ڕووی تێدەکەین (کە نوێژە)، لێرەدا ئیعجازێکی زانستی نوێمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە (کەعبەی پیرۆز) بریتیە لە سەنتەری جوگرافی هەموو جیهان، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشتر لە لایەن (د. حسين كمال الدين أحمد) ەوە کراوە بە مەبەستی زانینی ئاڕاستەی قیبلە لەکاتی نوێژەکاندا

بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە دوورن لە مزگەوت یان لە وڵاتی ناموسڵماندان. پاشان (د. یەحیا وەزیری) بەرەوی بەم لێکۆڵینەوەیە دا بەشێوازێکی زانستیانەی پێشکەوتوو. بە ئومێدی سودوەرگرتنی ئێوەی خوێنەری بەڕێز.

شاهۆ ڕەشید

پێشەکی

د.عبدالله بن عبدالعزیز المصلح
ئەمینداری گشتی دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان، درود و سڵاو بۆ سەر پایەدارترین نێردراو، سەروەرمان (محمد) ﷺ و بۆ سەر یار و هاوەڵانی و ئەوانەش کە بەباشی شوێنی کەوتوون تا ڕۆژی دوایی.

بێگومان ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکی پێغەمبەردا ﷺ بە شێوازێکی نوێ و دەروازەیەکی بێوێنە دادەنرێت بۆ چوونە ناو دڵەکان لەڕێی قەناعەتپێکردنی ژیرییەوە بە بەڵگە زانستییەکان، بە تایبەت لای ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین و باوەڕیان بە زمانی سەردەم هەیە کە زمانی زانستە.

لەبەرئەوە دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا پێداگری کرد لەسەر گرنگیدان بە توێژینەوە

زانستییەکان و بە دۆکیومێنت کردنیان بەشێوازێکی ڕاستوڕەوان، ئەویش بە بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە توێژەر و زانایانی پسپۆڕ لە ناوەوە و دەرەوەی ئەم دەستەیە لەسەرجەم بوارەکاندا.
بێگومان ئەم توێژینەوەیەی (د. یەحیا وەزیری) کە لەبەردەستماندایە (مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانییە) دەکەوێتە نێو توێژینەوەکانی تەوەرەی تایبەت بە (زەوی و زانستەکانی دەریاکان)، کە یەکێکە لە تەوەرەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا.
توێژەر ماوەی چەندان ساڵە دەستیکردووە بە توێژینەوە و گەڕانی بەردەوام لەپێناو سەلماندنی ڕاستی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەویدا، بەهۆی پێوانی وردەوە کە دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و خاڵی دیاریکراوی هەڵبژێردراو لەسەر سنوری کیشوەرەکانی هەردوو جیهانی کۆن (ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا) و جیهانی نوێ (هەردوو ئەمریکا و ئوسترالیا و کیشوەری بەستەڵەکی باشور).
بێگومان ئەم توێژینەوە زانستییەی لە ڕێگای پێوانەژمێریەکی زۆر ورد و وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامە ناسراوەکان کە لە توێژینەوە زانستییەکاندا پشت بە ئەنجامەکانیان دەبەسترێت، سەلماندی کە شاری مەککەی پیرۆز چەقی وشکانییە. ئەمەش لەڕێی ناوەندبوونی (چەقبوونی) بۆ چوار بازنەوە دەردەکەوێت

بـه سـنوری وشـكانی حـەوت كیشـوەرەكەی جیهـان و چەقـی جوگرافـی كیشـوەرەكانی جیهانـی نوێـدا تێپەڕدەبـن.
بێگومـان توێـژەر دووپاتـی كردووەتـەوە كە مەككەی پیرۆز تاكە شوێنە لەسـەر گۆی زەوی كـە ئـەم پێوانەژمێـری و ئەنجامانـەی لەسـەر بێتـەدی. توێـژەر دڵنیایـی دەدات كـە مەككـەی پیـرۆز شـوێنێكی بێهاوتـا و تایبەتـی هەیـە و هیـچ شـوێن و شـارێك هاوتـای نییـە.! هـەر ئەوەیـە كـە قورئانـی پیـرۆز بـە (أُمَّ الْقُرَى) وەسـفی كردووە.
ئـەم لێكۆڵینەوەیـە بـە كارێكـی پیـرۆز و هەوڵێكـی سوپاسكراو لـە بـواری ئیعجـازی زانسـتی لـە قورئـان و سـوننەتدا ئەژمـار دەكرێـت. داواكاریـن لـە خـودای گـەورە سـوودبەخش بێـت و پیـت و فـەڕی خـۆی بەسـەر ئەو كەسـانەدا بڕژێنێـت كـە لـەم بـوارەدا بـە نیەتێكـی پاكـەوە هـەوڵ دەدەن و كار دەكـەن.

خودای گەورە پشت و پەنامان بێت...

پێشەکی

لەو کاتەی کە «د. حسین کمال الدین» (ڕەحمەتی خودای لێبێت) ئاماژەی بەوەدا کە (مەککەی پیرۆز) سەنتەری وشکانی گۆی زەوییە، خەڵك بوون بە دوو بەشەوە: بەشێکیان پشتگیرییان کرد و بەشەکەی تریان دژایەتییان کرد. ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە بە پێوەرێکی زانستیانەی ورد نەسەلمێنرابوو.

لەبەرئەوە هەندێك لە زانایانی موسڵمانی سەردەمی نوێ هەوڵی پشتراستکردنەوەی ئەم ڕاستییەیان دا. چەند لێکۆڵینەوەیەکیان ئەنجام دا. لەناویاندا (د. مسلم شلتوت) بوو، کە بۆ سەلماندنی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەویدا پرۆگرامێکی کۆمپیتەری بەکارهێنا. سەرەڕای ئەو هەوڵەی بەڕێزیان هێشتا زۆر ڕەخنەی توند لەسەر ئەم بیرۆکەیە هەر هەبوو، بەهۆی نەبوونی پێوەرێکی زانستی زۆر ورد لەسەر ڕاستی دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز لەگەڵ سنوری وشکانی زەویدا بە بەکارهێنانی پێوەرێکی زانستی دروست کە ناوەندە زانستییەکان لەسەری کۆك بن لەیەك کاتدا.

بۆیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەستم بە ئەنجامدانی

لێکۆڵینەوەی زانستی بەردەوام کرد بۆسەلماندنی ئەم ڕاستییە، بەهۆی چەند پێوەرێکی وردەوە کە دووریی ڕاستەقینەی نێوان مەککەی پیرۆز و چەند خاڵێکی دیاریکراو لە سنوری کیشوەرەکانی جیهانی کۆن (ئاسیا، ئەفریقا و ئەوروپا) و جیهانی نوێ (ئەمریکای باکور، ئەمریکای باشور، ئوسترالیا و کیشوەری بەستەڵەکی باشور) دیاریدەکەن.
پێویستە پێش دەرخستنی ئەو ئەنجامانە کە پێیگەیشتون ئاماژە بە بیروبۆچونی زانایانی موسڵمانی کۆن لە بوارەکانی (زمان، تەفسیر و جوگرافیا) بکەین لەگەڵ ئاماژەدان بەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە ئەم ڕاستییە لەخۆدەگرن.

د. یەحیا وەزیری

یەکەم: مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانی زەوییە، لای زانایانی (زمان و تەفیسر و جوگرافیا)

چەند زانایەکی زمانەوانی هۆکاری ناونانی مەککەی پیرۆز بەم ناوە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە شاری مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی زەوییە، «زوبەیدی» لە کتێبی (تاج العروس)[1]دا دەڵێت: (إن مكة مأخوذة من المكاكة وهي اللب والمخ الذي في وسط العظم، سميت بها لانها وسط الدنيا ولبها وخالصها)، واتە وشەی مەککە لە (المكاكە)دوە هاتووە کە ناواخنی مۆخی ئێسکە، بۆیە بەم ناوەشەوە ناونراوە چونکە ناوەڕاست و کرۆکی دونیایە.

لە بابەتێکی تردا هۆکاری ناونانی مەککەی پیرۆزی بە (أُمّ القُرَى) ڕوونکردووەتەوە: «ئەمیش ڕێزێکی زیاتر بووە بەم شوێنە کە لەو سەردەمەدا بە ناوەڕاستی گۆی زەوییان زانیوە»!

هەروەها (یاقوت الحموی) خاوەنی کتێبی (معجم البلدان)[2] دەڵێت: (خودای گەورە یەکەم شوێنێك کە لە زەویدا دروستی کرد شوێنی کەعبەی پیرۆز بوو، پاشان زەوی لەژێریدا فراوان کرد کە بەمەش کەعبەی پیرۆز بووە ناوکی زەوی و ناوەڕاستی دونیا و (أُمّ القُرَى) سەرەتاکەی کەعبەیە و دەوری کەعبە شاری مەککەیە، دەوری شاری مەککەش حەرەم، دەوری

حەرەمیش دونیایە».
زانایانی تەفسیری قورئانی پیرۆز لە کۆندا ئاماژەیان بە گرنگی شاری مەککە داوە لەچاو هەموو شارەکانی تردا، بەوەی کە مەککە دەکەوێتە ناوەڕاستی دونیاوە.
(قورتوبی) لە تەفسیری ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴿١٤٣﴾ ﴾ البقرة، دەڵێت[3]: «هەروەك چۆن شاری مەککە ناوەڕاستی زەوییە، ئێوەش نەتەوەیەکی ناوەندن لە نێوان پێغەمبەران و نەتەوەکانی تردا».
(ئیبن عەتیە)[4] لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ناونانی مەککە بە (أُمَّ الْقُرَىٰ) لە چوار ڕووەوەیە:
«یەکەم سەرەتای دارشتنی ئاینو شەرعە، دووەمیان ئەوەی کە وتراوە زەوی لە مەککەوە فراوان بووە، سێیەمیان ناوەڕاستی زەوییە وەك خاڵێکە بۆ (قری)، چوارەمیان قیبلەیە بۆ شارەکانی تری دەوروبەری و دایکی شارەکانە».
هەروەها (ئەبو حەییان)[5] لە تەفسیری ﴿ وَلِتُنذِرَ أُمَّ ٱلْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴿٩٢﴾ ﴾ الأنعام، سەرەڕای ئاماژەدان بەسێ خاڵی سەرەوە دەڵێت: «مەککە قیبلەیە و شوێنی حەج کردنە و یەکەم ماڵە کە مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی دروستی کردووە».
هەروەها (النسفي)[6] لە تەفسیرەکەیدا نوسیویەتی: (ناونانی مەککە بە (أُمَّ الْقُرَىٰ) ئەوەیە کە مەککە ناوکی زەوییە و قیبلەی (أهل القری)یە و خەڵکی ڕووی تێدەکەن).
لەوەی پێشووەوە دەردەکەوێت کە هەندێك لە زانایانی

زمانەوانیو تەفسیر وەها تێگەیشتوون کە شاری مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی زەوییە، سەرچاوەی ئەم تێگەیشتنەشیان یان لە واتا زمانەوانییەکەی مەککەوەیە یان لە وەسفی قورئانی پیرۆزەوەیە کە بە (أُمَّ الْقُرَى) ناوی بردووە یاخود لە تەفسیری ئەو ئایەتە پیرۆزانەوەیە کە لە سورەتی (البقرة، الأنعام، الشوری)دا هاتوون.

مەککەی پیرۆز جێگای بایەخی زانایان و توێژەران و گەردووناس و جوگرافیزانە موسڵمانەکان بووە، لەبەرئەوەی خودای گەورە فەرمانی پێکردوین لە کاتی نوێژەکانماندا ڕوو لەو شوێنە بکەین. وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێکراوە: ﴿ وَمِنْ حَيْثُ خَرَجْتَ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴿١٥٠﴾ ﴾ البقرة.

هەروەها حەج کردن بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە بە تەواوکاری ئاینی پیرۆزی ئیسلام دادەنرێت، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ ﴿٩٧﴾ ﴾ آل عمران.

لەبەر ئەم هۆیانە موسڵمانان گرنگییەکی زۆریان دا بە دیاریکردنی ئاراستەی ڕاستی ماڵی خودا کە کەعبەیە و قیبلەی موسڵمانانە لە خۆرهەڵات تا خۆرئاوای زەوی.

هەروەها گرنگییان دا بە کێشانی ئاراستەی ئەو ڕێگایانەی بەرەو شاری مەککە دەچن بۆ خزمەتی ئیسلام و ئاسانکاری لەسەر موسڵمانان، هەروەك زانای جوگرافیزانی

له سه‌ده‌ی چواره‌مـی كۆچیـدا ژیـاوه موسـڵمان (الجیهانـي) لـه سـه‌ده‌ی چواره‌مـی كۆچیدا ژیاوه و وێنـه‌ی گـۆی زه‌وی كێشـاوه و شـوێنی شـاری مه‌ككـه‌ی پیـرۆزی لـه‌سـه‌ر دیاریكـردووه، هه‌سـتا بـه دابه‌زاندنـی جێكه‌وتـه‌ی ئـه‌و بازنه‌یـه‌ی كـه كێشـابووی، بینـی هه‌مـوو خاڵه‌كانـی ئـه‌و جێكه‌وتـه لـه شوێنی كه‌عبه‌ی پیـرۆز به‌یـه‌ك گه‌یشتن، به‌وپێیـه شـاری مه‌ككـه ناوه‌ڕاسـتی وشكانی زه‌وی پێكده‌هێنێـت.

له‌سـه‌ده‌ی ده‌یه‌مـی كۆچیـدا زانـای موسـڵمانی جوگرافیـزان (الصفاقسي ٩٥٨ك-١٥٥١ز) لـه توێژینه‌وه‌كانیـدا بـره‌وی بـه لێكۆڵینـه‌وه جوگرافییـه‌كان و وێنه‌كێشـانی گـۆی زه‌وی دا. ئامانجـی ئـه‌م لێكۆڵینه‌وانـه دیاریكردنـی قیبلـه بـوو بۆ موسـڵمانان كـه گه‌یشتبوونه ئه‌وپـه‌ڕی چیـن و ئه‌ورووپا. ئه‌میش دووبـاره گه‌یشـته ئـه‌و ڕاسـتییه‌ی كـه شـاری مه‌ككـه‌ی پیـرۆز سـه‌نته‌ری گـۆی زه‌ویـیـه، دوای كێشـانی ئـه‌و نه‌خشـه‌یه‌ی كـه په‌یوه‌نـدی مه‌ككـه‌ی پیـرۆز بـه جیهانـی ئیسلامییه‌وه ده‌نوێنێت، هه‌روه‌هـا نه‌خشـه‌یه‌كی تـر كه شوێنی مه‌ككه‌ی پیـرۆز به‌گوێـره‌ی گـۆی زه‌وییـه‌وه ڕووندەكاتـه‌وه.

ئه‌وروپیـه‌كان لـه لێكۆڵینـه‌وه و دۆزینـه‌وه جوگرافیاكانـدا به‌تـه‌واوی پشتیانده‌به‌ست بـه نه‌خشـه‌كانی زانـا موسـڵمانه‌كان، چونكـه وردتریـن و په‌سـه‌ندترین نه‌خشـه بـوون و یـه‌كێـك بـوون لـه‌و زانسـته نوێیانـه‌ی موسـڵمانان دایانهێنـا بـوو،

دواتـر بوونـه سـەرچاوەيەكی سـەرەكی زانسـتـە جوگرافـيـاكـان و لەلايـەن (ميللـر)ەوە پارێـزران، چونكـە گرنگتريـن دۆكۆمێنتـی زانسـتـی بـوون[7].

﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْأَفَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ۝٥٣﴾ فصلت.

دووەم: مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانی زەوییە، لای زانایانی هاوچەرخ

لە سەدەی بیستەمدا دوو توێژینەوەی زانستی گرنگ دەربارەی ناوەندبوونی شاری مەککە لە وشکانی گۆی زەوی ئەنجامدران... زۆرینەی وتار و بلاوکراوەکانی دواتر تەنها گواستنەوە و دووبارەکردنەوەی زانیارییەکانی ئەو دوو توێژینەوەیە بوون.

توێژینەوەی یەکەم:

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەنجام درا، (د. حسین کمال الدین) ڕەحمەتی خودای لێبێت، کە یەکێک بوو لە مامۆستایانی بواری ڕوپێویی (المساحة) لە چەند زانکۆ و پەیمانگایەکی بالا لە میسر و ریاز، تێبینی ئەوەی کرد: مەککە دەکەوێتە چەقی بازنەیەکەوە کە بە لێوارەکانی هەموو کیشوەرەکاندا تێدەپەڕێت، واتە وشکانی سەر گۆی زەوی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە دەوری مەککەی پیرۆزدا دابەش بووە و ئەم شارە پیرۆزە چەقی وشکانییە[8].

زانای میسری (د. حسین کمال الدین) چیرۆکی ئەم دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرە دەگێڕێتەوە: سەرەتای لێکۆڵینەوەکەی ئامانجێکی تری هەبوو، ئەویش گەڕان بوو بەدوای ئاسانکارییەك کە هاوکاری خەلکی بکات بۆ دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی قیبلە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بن. لەبەرئەوە بیری لە کێشانی نەخشەی گۆی زەوی کردەوە بۆ

دیاریکردنی ئاڕاستەکانی قیبلە لەسەری، پاش دانانی هێڵە سەرەتاییەکان لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ ئامادەکردنی نەخشەکە و کێشانی هەر پێنج کیشوەرەکە، لەناکاو ئەم دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەی بۆ دەرکەوت! ئەویش ئەوەبوو کە شاری مەککەی پیرۆز دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهان. بەدانانی نوکی پرگال لە شاری مەککە (لەسەر نەخشەکە) و گەڕانی سەرەکەی تری بە لێواری هەموو کیشوەرەکاندا دڵنیا بوو کە وشکانی سەر گۆی زەوی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە دەوری مەککەدا دابەش بووە، بەمەش شاری مەککە دەبێتە سەنتەری وشکانی گۆی زەوی[9].

ئەگەرچی (د. حسین کمال الدین) بۆ ئەم تێبینییە زانستییە گرنگەی هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە ڕێگای پێوەرێکی زانستی وردەوە کە لەو کاتەدا ئەم ڕاستییە بەشێوەیەکی تەواو بسەلمێنێت، پێشکەش نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی ئەم دۆزینەوە ناوازەیە لەم سەردەمەدا هەر بۆ ئەم زانا موسڵمانە دەگەڕێتەوە.

توێژینەوەی دووەم:

ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەسەر دەستی زانای موسڵمان (د. مسلم شلتوت) بوو لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، کە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی فەلەکی و جیۆفیزیایی لە میسر، مامۆستای بواری لێکۆڵینەوەی خۆر و فەزا بوو. لێکۆڵینەوەکەی بریتی بوو لە بەکارهێنانی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر کە بەتایبەت بۆ

ئەو مەبەستە ئامادەکرابوو بۆ ئەژمارکردنی دووریی نێوان مەککەی پیرۆز و چەند خاڵێکی پێوانەیی دیاریکراو لەسەر لێوارەکانی وشکانی بەگوێرەی جیهانی کۆن و نوێوە[10].

سەرەڕای گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەبەر بەکارهێنانی پرۆگرامێکی زانستی ڕوون، بەڵام لێکۆڵینەوەیەك بوو تەنها بە کۆمپیوتەر ئەنجام درابوو و پشتی بە پێوەرە ڕاستەقینەکان نەبەستبوو. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کورت کرابوویەوە سەر هەڵبژاردنی چەند خاڵێکی کەم کە وەك پێویست نەبوون. بەتایبەت بەگوێرەی جیهانی تازەوە، هەروەها هەندێك لە پێوانەکانیش زۆر ورد نەبوون، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە بە نیشانەیەکی گرنگ دەمێنێتەوە لە ڕێگای سەلماندنی ناوەندێتی شاری مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی، منیش لە میانەی لێکۆڵینەوەکەم لەم بوارەدا سوودی زۆرم لێ بینی.

ئەنجامەکان ڕوونیدەکەنەوە کە
ناوەندبوونی شاری مەککە بۆ وشکانی
گۆی زەوی لە میانەی چەند ئاستێکدایە
نەک تەنها یەک ئاست.

سێیەم: سەلماندنی ناوەندبوونی مەککە بۆ وشکانی زەوی لە ڕێگەی پێوانەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە

١- هۆکارەکانی پێوانەکردن:

لای هەموو شارەزا و پسپۆڕانی بواری جوگرافیا زانراوە کە بۆ دیاریکردنی پێوانێکی زانستی و ورد لەنێوان دوو شوێن یان دوو شاردا ناتوانرێت بە تەواوەتی پشت بە نەخشە جوگرافییە ناسراوەکان ببەسترێت، چونکە ئەو نەخشانە تەنها بریتین لە کێشانی جێکەوتەی کیشوەرەکانی جیهان، دوورییەکان و ئاراستەکان بەشێوەیەکی ڕاستو دروست لەیەك کاتدا پیشان نادات.

لەبەرئەوە لە توێژینەوەکەمدا بۆ سەلماندنی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز لە وشکانی گۆی زەویدا دوو بەرنامەم بەکارهێناوە، هەریەکەیان پشتدەبەست بە وێنە ڕاستەقینەکانی گۆی زەوی کە لەلایەن مانگە دەستکردەکانەوە گیراون. هەر بەهۆی ئەم دوو پرۆگرامەوە دەتوانرێت بەوردی دوورییە کەوانەییەکان و ئاراستەکانی نێوان دوو خاڵ لەسەر ڕووی زەوی بپێورێت، ئەو دوو بەرنامەیەش ئەمانەن[11]:

أ- گوگڵ ئێرس (Google Earth) [12]

ئامرازێکی ناسراوە بە توانا بەهێزەکانی بۆ دیاریکردنی

دووریی نێوان هەر دوو خاڵێك لەسەر گۆی زەوی بەشێوەیەکی زۆر ورد، لەڕێگەی ئەو وێنە ڕاستەقینانەی گۆی زەوییەوە کە لەلایەن مانگە دەستکردەکانەوە گیراون.

ب - Qibla Locator [13]

ئەم بەرنامەیە بەشێوەیەکی تایبەت دیزاین کراوە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی قیبلە بەشێوەیەکی زۆر ورد لە هەر خاڵێکی سەر ڕوی زەوییەوە. هەروەها لە ڕێی بەکارهێنانی وێنەکانی مانگە دەستکردەکانەوە دووریی نێوان هەر خاڵێك لەسەر گۆی زەوی و مەککەی پیرۆز (قیبلە) بە شێوەیەکی زۆر ورد دیاریدەکات.

بەرنامەیەکی تری یارمەتیدەریش بەناوی (Geomidpoint Calculator) بەکارهێنرا. بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانرێت خاڵی ناوەڕاستی نێوان دوو خاڵ یان زیاتر لەسەر ڕووی گۆی زەوی بەوردی دیاری بکرێت و شوێنی ئەو خاڵە ناوەندییە لەڕێگەی نەخشە تەواو ڕاستەقینەکانی زەوی یان لەڕێگەی وێنەی مانگە دەستکردەکانەوە دیاری بکات.

هەریەك لەم بەرنامانەی سەرەوە ناسراو و جێی متمانەی کەسانی شارەزاو پسپۆڕن. لە هەموو جیهاندا پشت بە ئەنجامەکانیان دەبەسترێت، چونکە زۆر وردن. هەمووشیان لەڕێگەی کۆمپانیای (گۆگڵ)ەوە بەڕێوە دەبرێن و لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت سوودیان لێوەردەگیرێت.

٢- پێوەرەکانی هەڵبژاردنی خاڵەکانی پێوانەکردن:

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی شێوەی سنوری دەرەکی حەوت کیشوەرە ناسراوەکە و ڕووبەرەکانیان، چوار کۆمەڵە خاڵ هەڵبژێردران بۆ پێوانی دوورییان لە شاری مەککەی پیرۆزەوە، ئەو کۆمەڵانە ئەمانە بوون:

- ئەو کۆمەڵە خاڵەی دوورترین ماوەی نێوان مەککە و سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی کۆندا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵەی نزیکترین ماوەی نێوان مەککە و سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی نوێدا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵەی دوورترین ماوەی نێوان مەککە و سنوری کیشوەرەکان دەنوێنن لە جیهانی نوێدا.
- ئەو کۆمەڵە خاڵەی چەقە جوگرافییەکان دەنوێنن لە ناوەڕاستی کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا.

بە بەکارهێنانی هەریەك لە بەرنامەکان کە پێشتر باسکران، ماوەی نێوان مەککەی پیرۆز و هەر کۆمەڵە خاڵێك کە پێشتر باسمان کرد زۆر بە وردی دەستنیشان کران.

ئەمەش سەلمێنرا لە ڕێگەی لەیەکچوونی ئەو ئەنجامانەی کە لە بەرنامەی (Google Earth) و بەرنامەی (Qibla Locator) دەستکەوتن، کە هەریەکەیان تایبەتە بە دەستنیشانکردنی دوورییەکان و ئاڕاستە ڕاستەقینەکان لەسەر ڕووی گۆی زەوی.

٣- ئەنجامەکانی توێژینەوە زانستییەکە و گفتوگۆکردنی:

أ- بەگوێرەی ناوەندبوونی شاری مەککە بۆ جیهانی کۆن (ئەفریقا و ئەوروپا و ئاسیا)

چەند شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێردران (کە بە هێڵەکانی درێژی و پانی دەستنیشان کران) ئەوانیش بریتی بوون لە دوورترین شوێن لە شاری مەککەی پیرۆزەوە لە هەر سێ کیشوەری ئەفریقا و ئەوروپا. ئەنجامی پێوانەکان لە خشتەی ژمارە (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

دواجار دەرکەوت کە تێکڕای دووری نێوان دوورترین سنور لە کیشوەری ئەفریقا و ئەوروپا (دورگەی ئایسەلەندا) و ئاسیا، یەکسانە بە نزیکەی (٦٤٤٢کم). هەرچەندە بەشێك لە کیشوەری ئاسیا نەخراوەتە سنوری دووریەکەوە بەهۆی فراوانی ڕووبەری ئەم کیشوەرە، وێنەی (١).

پاشان بۆمان دەردەکەوێت ئەو بەشە ماوەی کیشوەری ئاسیا (وەك لە وێنەکەدا دیارە) دەچێتە نێو پێوانەکانی سنورە نزیکەکانی کیشوەرەکانی جیهانی تازەوە، چونکە دوورترین خاڵی کیشوەری ئاسیا لەگەڵ دوورترین خاڵی سنوری کیشوەری ئەمریکای باکور یەکدەگرن لە (گەروی برنج)، ئەمەش پێشتر نەزانرا بوو تا دوای دۆزینەوەی هەردوو ئەمریکای باکور و باشور وکێشانی نەخشەی جیهان کە هەر حەوت کیشوەرەکە لە خۆدەگرێت (بگەڕێوە بۆ وێنەی (٢)).

خشتەی (ا): دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و دوورترین خاڵ لە کیشوەرەکانی جیهانی کۆن.

کیشوەر	وڵات (شوێن)	هێڵی درێژی	هێڵی پانی	دووریی کەوانەیی (کم)	ڕادەی لادان
ئەفریقیا	باشوری ئەفریقیا	19.38	34.50	6569	٪2
ئەفریقیا	کەناری خۆرئاوا	17.36	14.39	6086	٪5.5
ئەوروپا	دورگەی ئایسلەند	33.56–	65.40	6672	٪3.45
تێکڕای دووریی	---	---	---	6442	٪0



وێنەی (1): مەککەی پیرۆز دەکەوێتە ناوەڕاستی بازنەیەکەوە کە لێکەوتی دوورترین خاڵەکانی کیشوەری جیهانی کۆنە.

ب- بەگوێرەی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز بۆ سنورە نزیکەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ:

چەند شوێنێکی دیاریکراو هەڵبژێردران (بە هێڵەکانی درێژی و پانی دەستنیشان کران) بریتی بوون لە دووریەکانی نێوان مەککەی پیرۆز و ئەو سنورانەی نزیکن لە کیشوەرەکانی جیهانی تازە (ئوستراليا و هەردوو ئەمریکای باکور و باشور و کیشوەری بەستەڵەکی باشور) بەمەش خاڵی بەیەکگەیشتنی کیشوەری ئاسیا لەگەڵ کیشوەری ئەمریکای باکور دەکەوێتە ناوی (لای «گەرووی برنج»ەوە)، ئەنجامی پێوانەکان لە خشتەی ژمارە(٢)دا پیشاندراون.
تێیدا دەردەکەوێت کە تێکڕای دووریی نێوان نزیکترین سنور لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا (ئوستراليا و هەردوو ئەمریکای باکور و باشور و کیشوەری بەستەڵەکی باشور) سەرەڕای خاڵی بەیەکگەیشتنی کیشوەری ئاسیا لەگەڵ کیشوەری ئەمریکای باکور لە گەروی (برنج)، دەکاتە نزیکەی (٩٣٠٦کم).

خشتەی (2): دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و نزیکترین خاڵەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ، لەگەڵ دوورترین خاڵ لە ئاسیا

کیشوەر	وڵات (شوێن)	هێڵی درێژی	هێڵی پانی	دووریی کەوانەیی (کم)	ڕادەی لادان
ئوسترالیا	کەناری خۆرئاوا	113.55	21.58–	9360	٪0.6
کیشوەری بەستەڵەکی باکور	کەناری باکور	53.78	65.51–	9750	٪5.5
ئەمریکای باشور	کەناری خۆرهەڵات	35.15–	5.29–	8693	٪6.6
ئەمریکای باکور	کەناری خۆرهەڵات (نیوفوندلاند)	52.73	47.87	8453	٪9.1
گەرووی برنج	بەیەکگەیشتنی ئاسیا و ئەمریکای باکور	168.46	66.00	10000	٪6
ئاسیا	کەناری خۆرهەڵات (یابان)	140.52	35.42	9578	٪3
تێکڕای دووری	---	---	---	9306	٪0



ـەم نەخشـەیە سـنوری ئـەو بازنـەیـە
ووون دەکاتـەوە کـە چەقەکـەی
ـەککەی پیـرۆزە و بـەر سـنوری نزیـك
یشوەرەکانی جیهانـی نویٚ و گـەرووی
رنـج دەکەویٚـت.

وێنەی (2): مەککەی پیرۆز دەکەوێتە چەقی بازنەیەکەوە کە لێکەوتە بۆ نزیکترین خاڵەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ، سەرەڕای خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاسیا و ئەمریکای باکور لە گەرووی (برنج)دا، هەروەها یابانیش.

ج- بەگوێرەی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز بۆ سنورە دوورەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ:

چەند شوێنێك دیاریکران (بە هێڵەکانی درێژی و پانی دەستنیشان کران) کە بریتی بوون لە دوورترین ماوەی نێوان مەککەی پیرۆز و سنورە دوورەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ (ئوسترالیا و هەردوو ئەمریکا و کیشوەری بەستەڵەکی باشور). ئەنجامی پێوانەکان لە خشتەی (٢) دا روون کراونەتەوە.

تێیدا دەرکەوت کە تێکڕای دووریی نێوان مەککەی پیرۆز و دورترین سنور لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا (ئوسترالیا و هەردوو ئەمریکای باکور و باشور و کیشوەری بەستەڵەکی باشور) یەکسانە بە نزیکەی (١٣٦٠٠کم)، وێنەی (٣).

خشتەی (3)

ماوەی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و دورترین خاڵەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ

کیشوەر	وڵات (شوێن)	هێڵی درێژی	هێڵی پانی	دووریی کەوانەیی (کم)	رادەی لادان
ئوسترالیا	کەناری خۆرهەڵات	153.36	28.50-	13370	٪1.7
کیشوەری بەستەڵەکی باکور	کەناری باشور	128.20-	128.21-	14165	٪4
ئەمریکای باشور	کەناری باشور	67.93-	55.72-	13080	٪4
ئەمریکای باشور	کەناری خۆرئاوا	81.47-	6-	13450	٪1.1
ئەمریکای ناوەند	کەناری خۆرئاوا	91.23-	14.22	13433	٪1.2
ئەمریکای باکور	کەناری خۆرئاوا	109.59-	22.52	14102	٪3.56
تێکڕای دووریی	---	---	---	13600	٪0



وێنەی(3-أ): وێنەیەکی ڕاستەقینە کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە گیراوە، ئەو بازنەیە دەردەخات کە مەککەی پیرۆز چەقەکەیەتی. ئەم بازنەیە لێکەوتە لەگەڵ سنورە دوورەکان لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ. ئەم وێنەیە لە ڕووی (زەریای هێمن)ەوە گیراوە کە ئەو شوێنەی هاوشێوەی مەککە نیشان دەدات لەنیوەکەی تری گۆی زەویدا و پێیدەوترێت (هاوشێوەی قیبلە) یا (جەمسەری مەککە) کە بەهەمان ماوە.

وێنەی (3-ب): مەککەی پیرۆز دەکەوێتە چەقی ئەم بازنەیەوە کە لێکەوتە بە دوورترین ئەو خاڵانەی دەکەونە سەر سنوری کیشوەرەکانی جیهانی نوێوە.

د - بەگوێرەی دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و چەقە جوگرافییەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ، مەبەست لە چەقی جوگرافی هەر کیشوەرێك ئەو خاڵەیە کە چەقی کیشوەرەکە دەنوێنێت بەپێی ڕووبەرەکەیەوە. ئەنجامی پێوانەکانی نێوان چەقە جوگرافییەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ و مەککەی پیرۆز لە خشتەی (٤)دا ڕوون کراوەتەوە. تێیدا دەردەکەوێت کە تێکڕای دووری نێوان مەککەی پیرۆز و چەقەکانی جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ (ئوسترالیا و هەردوو ئەمریکای باکور و باشور و کیشوەری بەستەڵەکی باشور) یەکسانە بە دەوروبەری (١١٥٢٩کم)، وێنەی (٤).

خشتەی (4):

دووریی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و چەقەکانی جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ.

کیشوەر	خاڵی ناوەڕاست	هێڵی درێژی	هێڵی پانی	دووریی کەوانەیی (کم)	ڕادەی لادان
ئوسرالیا (14)	چەقی جوگرافی	134.21	25.36-	11424	٪1
کیشوەری بەستەڵەکی باکور (15)	چەقی جوگرافی	79.81	85.90-	12000	٪3.7
ئەمریکای باشور (16)	چەقی جوگرافی	58.42-	13.45-	11421	٪1
ئەمریکای باکور	چەقی جوگرافی	99.35-	48.12	11529	٪2
تێکڕای دووریی	---	---	---	11529	٪0

ئەنجامەکانی پێشوو دەریدەخەن کە ناوەندبوونی شاری مەککە بۆ وشکانی لە چەند ئاستێکدا دەردەکەوێت نەك تەنها یەك ئاست، واتە دەکەوێتە ناوەڕاستی دوورترین سنورەکانی هەردوو کیشوەری ئەفریقا و ئەوروپا پێکەوە، هەروەها دەکەوێتە ناوەڕاستی سنورە نزیکەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ و ئەو بەشەی لە کیشوەری ئاسیا ماوە کە لەگەڵ سنوری باکوریی ئەمریکای باکور لەنزیك گەرووی برنج بەیەکدەگەن. هەروەها ناوەندبوونی دەسەلمێنێت بەگوێرەی سنورە دوورەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێ، کە سنوری ڕووی دەرەوەی وشکانی دەنوێنێت. دواجار مەککەی پیرۆز بە هەمان ماوە دوورە لەو خاڵانەوە کە دەکەونە سەنتەری کیشوەرەکانی جیهانی نوێوە، واتە چەقە جوگرافییەکان، وێنەی (٥).

هێڵی پێوانەکردنی نێوان مەککە و چەقی ئوسترالیا.

هێڵی پێوانەکردنی نێوان مەککە و چەقی ئەمریکای باکور.



هێڵی پێوانەکردنی نێوان مەککە و چەقی کیشوەری بەستەڵەکی باشور.



هێڵی پێوانەکردنی نێوان مەککە و چەقی ئەمریکای باشور.

وێنەی ژمارە (4-أ): وێنەی ڕاستەقینە کە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە گیراون، تیایدا هێڵی پێوانەیی نێوان شاری مەککەی پیرۆز و چەقەکانی جوگرافی لە کیشوەرەکانی جیهانی نوێ ڕوون دەکەنەوە.



وێنەی ژمارە(4-ب): شاری مەککەی پیرۆز چەقی بازنەیەکە چێوەکەی بە سەنتەری چەقەکانی جوگرافی کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا تێپەڕ دەبێت.

وێنەی (5): شاری مەککەی پیرۆز چەقی چەند بازنەیەکە لێکەوتی سنورەکانی وشکانیە بۆ جیهانی کۆن و نوێ.

لەکاتی ئەنجامدانی هەریەك لە پێوانەکانی پێشوو لەسەر چەند شوێنێك (یان چەند خاڵێك) کە بەپێی هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان دەکەونە سەنتەری وشکانی، بەڵام هیچکام لەم شوێنانە ئەوەی نەسەلماند کە شوێنی مەککەی پیرۆز سەلماندی لە پێوانەکانی پێشودا!

ئەمەش ئەوە دەردەخات: مەککەی پیرۆز تاکە شوێنی سەر ڕووی زەوییە، دەکەوێتە سەنتەری سنوری ئەو وشکانیەوە کە هەر حەوت کیشوەرەکە پێکدێنن.

چوارەم: بەڵگە بەرجەستەکان لەسەر ئەوەی کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز تاکە هێڵی بنچینەیی کاتە (توقیت)ە بۆ جیهان

بەپێی ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ سەلماندنی ناوەندبوونی شاری مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی دەستکەوتوون، چەند بەڵگە و ئەنجامێکی گرنگ هەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە هێڵی کاتژمێری جیهانی (توقیت) پێویستە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز بێت نەوەك هێڵی(گرینتیش).

لە ساڵی (١٨٨٤ز) هێڵی گرینتیش بە هێڵی کاتژمێری بنچینەیی بۆ ئەژمارکردنی کات هەڵبژێردرا. ئەوکاتەی ئینگلتەرا ئیمپراتۆریەتێك بوو خۆری تێدا ئاوا نەدەبوو، لەبەرئەوەی ئەم هێڵە بە نزیکی پایتەختی بەریتانیا (لەندەن)دا تێپەڕ دەبێت، هەروەها نیشانەیەکی دەستکرد دانرا لە شوێنی ئەم هێڵە بە بەکارهێنانی شریتێکی کانزایی لەسەر زەوی کە شوێنی تێپەڕبوونی هێڵەکە بە وردی دیاری دەکات، وێنەی (٦).

وێنەی (6): ئەم نەخشەیە شوێنی هێڵی گرینیتیش ڕووندەکاتەوە کە بە شاری (لەندەن) دا تێدەپەڕێت. وێنەکە ئەو هێڵە دەستکردە پیشان دەدات کە بەڵگەیە لەسەر تێپەڕبوونی هێڵی گرینیتیشی خەیاڵی بە شاری (لەندەن)دا.

هەڵبژاردنی هێڵی گرینیتیش هیچ گرنگییەکی زانستی و لۆژیکی بەسەر هێڵەکانی تری درێژیدا نییە، لەبەرئەوە لۆژیك لەوەدا بوو هێڵی درێژی بنچینەیی ئەو هێڵە بێت کە بەو شوێنەدا تێپەڕ دەبێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سنوری وشکانیەوە، واتە مەککەی پیرۆز، وەك لەم لێکۆڵینەوەدا سەلماندمان.

بوونی چەند بەڵگەیەکی بەرجەستە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەردوو ئاڕاستەی ڕاستەقینەی باکور و باشور دیاریدەکات لە چەند شوێن و جێگایەکی پەیوەست بە هێڵی درێژی مەککە. هەروەها لەپێشترە کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز هێڵی

کاتژمێری (توقیت) بنچینەیی بێت، سەرەڕای ناوەندبوونی مەککە بۆ وشکانی گۆی زەوی، وەك لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

١-هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان شاخی (صەفا و مەڕوە) ئاماژە بە باکور و باشورک ڕاستەقینە دەکات.

توێژینەوەیەکی ئاڕاستەکردنی گەردونیم ئەنجامدا لەسەر ماوەی نێوان هەردوو شاخی (صەفا و مەڕوە) بە بەکارهێنانی وێنە ڕاستەقینەکانی مانگە دەستکردەکانی پرۆگرامی (Google Earth) (وێنەی ژمارە (٧)). لەئەنجامدا دەرکەوت کە هێڵی نێوان (صەفا و مەڕوە) ئاماژە بە باکوری ڕاستەقینە دەکات لەگەڵ بوونی لادانێکی کەم کە بە نزیکەی (٥) پلە بە ئاڕاستەی خۆرئاوا دادەنرێت، ئەمیش لادانێکی کەمە و دەکرێت فەرامۆش بکرێت.
ئەم ئەنجامە، واتە هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان (صەفا و مەڕوە) بە نزیکەیی ئاماژە بە باکور- باشوری ڕاستەقینە دەدات، ئەمەش یەکەمین بەڵگەی بەرجەستەی سروشتییە کە بە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆزەوە بەسترابێت[14].



وینەی (7): هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان هەردوو شاخی (صەفا و مەروە)
ئاماژە بە ئاڕاستەی باکور- باشوری ڕاستەقینە دەکات.

٢-تیرەی بنچینەیی کەعبەی پیرۆز ئاماژە بە باکور و باشوری ڕاستەقینە دەکات:

ئەنجامدەری توێژینەوەکە لەو وێنە هەواییەی کۆڵیەوە کە بە مانگە دەستکردەکان گیرابوو بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Google Earth). بە بەراوردکردنی ئاڕاستەی جێکەوتی ئاسۆیی کەعبە لە ئێستادا بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی، دەرکەوت تیرەی کەعبە کە دەکەوێتە نێوان (گۆشەی یەمەن و گۆشەی عێراق) (الركن اليماني والركن العراقي) لە ئێستادا بەنزیکەی (٧) پلە لارە بە ئاڕاستەی خۆرهەڵات لە ئاڕاستەی باکوری ڕاستەقینەوە. دوای تەواوکردنی ئەو بەشەی کە ماوە لە پێوەرەکانی کەعبە، دەرکەوت کە هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان (الركن اليماني والركن العراقي) ئاماژەی تەواو بە ئاڕاستەی باکوری ڕاستەقینە دەدات[15](وێنەی (٨)).
ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە تیرەی بنەڕەتی تێپەڕبوو بە هەردوو گۆشەی یەمانی و عێراقی کەعبە ئاماژە بە ئاڕاستەی باکور و باشوری ڕاستەقینە دەدات، ئەمەش دووەم بەڵگەی بەرجەستەی پەیوەست بە کەعبەی شەریفە کە لە شاری مەککەی پیرۆزە.



وێنەی (8): هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان گۆشەی یەمانی و عیراقی بنچینەیی، ئاماژە بە ئاراستەی باکور- باشوری ڕاستەقینە دەکات.

٣-هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان شاری مەککە و مەدینە ئاماژە بە باکور و باشوری ڕاستەقینە دەکات:

بە لێکۆڵینەوە لە شوێنی جوگرافی هەریەك لە مەککەی پیرۆز و مەدینەی مونەوەرە، بۆمان دەرکەوت کە:

أ-شاری مەککەی پیرۆز دەکەوێتە سەر هێڵی پانی (٢١ پلە و ٢٥ خولەکی باکور) و هێڵی درێژی (٣٩ پلە و ٤٩ خولەکی خۆرهەڵات)[16].

ب- شاری مەدینەی مونەوەرە دەکەوێتە سەر هێڵی (٢٤ پلە و ٢٩ خولەکی باکور) و هێڵی درێژی (٣٩ پلە و ٣٦ خولەکی خۆرهەڵات)[17].

واتە هەریەك لە مەککەی پیرۆز و مەدینەی مونەوەرە بە نزیکەیی دەکەونە سەر هەمان هێڵی درێژی (وێنەی (٩))، واتە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز- مەدینەی مونەوەرە ئاماژە بە ئاڕاستەی باکور- باشوری ڕاستەقینە دەدات.

وێنەی (9): وێنەی مانگە دەستکردەکان، ڕوونی دەکاتەوە هەریەک لە مەککە و مەدینە بە نزیکەیی دەکەونە سەر هەمان هێلی درێژی.

بەڵگە بەرجەستەکانی پێشوو، سەرباری ناوەندبوونی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی گۆی زەوی، دەریدەخەن کە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆز تەنها هێڵی درێژییە کە دەگونجێت بەکاربێت بۆ دەستپێکردنی پێوانەی کاتژمێری (توقیت) جیهانی زەوی.
لەبەرئەوە یەکێك لە زانایانی خۆرئاوا بە ناوی (ئارنۆلد کیسرلنج) کە بۆ زیاتر لە (٣٠ساڵ) لە زانکۆی ڤیەننا مامۆستا بوو، داوای کرد هێڵی درێژی مەککە ببێتە هێڵی کاتژمێری (توقیت) بنەڕەتی لە جیاتی هێڵی گرینیتیش، ئەو دەڵێت[18]:
"The real meridian is not in Greenwich but in Mecca; 40 degrees longitude ; with the cube of the Kaaba. The sacred center of Mecca marks the exact point of orientation."

هەر هێندەش نا، بەڵکو نەخشەی جیهانی کێشا کە هێڵێکی لەسەر بوو بە شاری مەککەی پیرۆزدا تێدەپەڕی ئاماژەی بە ئەستێرەی جەمسەریی دەدا، وەك بەڵگە لەسەر ناوەندبوونی شاری مەککە بۆ وشکانی گۆی زەوی، (وێنەی (١٠)).
هەروەها نەخشەیەکی تری جیهانی کێشا، کە چەند شوێن و کاتی جیاوازی لەسەر دانا و هێڵی درێژی مەککەی پیرۆزی کردە سەرەتای کاتژمێری جیهانی (سفر پلە) (وێنەی (١١))...
ئەوەتا هەندێك لە زانایانی هەڤبیرژی خۆرئاوا شا[illegible]تیان لەسەر ئەوە داوە کە مەککە چەقی وشکانییە



وێنەی (10): ئەو نەخشەیەی پرۆفیسۆر (ئارنۆڵد کیسرلنج) کێشای، هێڵێکی لەسەرە بە شاری مەککەی پیرۆزدا تێدەپەڕێت، ئاماژەی بە ئەستێرەی جەمسەری داوە وەک بەڵگە لەسەر ناوەندبوونی مەککەی پیرۆز بۆ وشکانی.

وێنەی (11): ئەو نەخشەیەی پرۆفیسۆر (ئارنۆڵد کیسرلنج) کێشای کە سەرەتای کاتی (توقیت) دیاری کرد لە هێڵی درێژی مەککەوە (سفر پلە)

پێنجەم: دەرەنجام و ڕێنماییەکانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوە زانستییەی لە ڕێگەی پێوەرە زانستییە وردەکان و وێنەی مانگە دەستکردەکان ئەنجامەمان دا، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند پرۆگرامێکی ناسراو کە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا پشت بە ئەنجامەکانیان دەبەسترێت، سەلماندی شاری مەککەی پیرۆز ناوەندی وشکانییە. ئەمەش دەردەکەوێت لە ڕێگەی چەقبوونی بۆ چوار بازنە کە هەریەکەیان بە سنوری وشکانی هەر حەوت کیشوەرەکەدا تێپەڕدەبن. هەروەها چەقە جوگرافییەکانی کیشوەرەکانی جیهانی نوێدا.

توێژەر دڵنیایی دا کە مەککەی پیرۆز تەنها شوێنە لەسەر زەوی کە ئەو پێوەر و ئەنجامانە بسەلمێنێت. بەمەش دڵنیا دەبین مەککەی پیرۆز شوێنێکی بێهاوتا و نمونەیی هەیە لەگەڵ هیچ شوێن و شارێکی تردا بەراورد ناکرێت. هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا بە(أُمَّ الْقُرَى) ناونراوە.

هەروەها لێکۆڵینەوەکە چەند بەڵگەیەکی بەرجەستەی خستەڕوو کە پەیوەستن بە هێڵی درێژی مەککەی پیرۆزەوە و دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ئاڕاستەی باکور- باشوری ڕاستەقینە دەست نیشان بکرێت، بەجۆرێك کە ئەو هێڵەی هەردوو شاخی (صەفا و مەڕوە) بەیەك دەگەیەنێت، تیرەی بنەڕەتی کەعبەی پیرۆز (واتە ئەو هێڵەی تێپەڕ دەبێت بە گۆشەی

یەمەنی و عێراقی)دا، لەگەڵ هێڵی نێوان مەککە و مەدینە، هەموو ئەم هێڵانە ئاماژە بە باکورو باشوری ڕاستەقینە دەکەن.

لێکۆڵینەوەکە ڕوونیکردەوە کە مەککەی پیرۆز و مەدینەی منەوەرە دەکەونە سەر هەمان هێڵی درێژی (بە نزیکەیی ٣٩،٥٠ پلە خۆرهەڵاتی گرینتیش).

ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕێنمایی ئەوە دەکات کە هێڵی درێژی (مەککە - مەدینە) ببێتە هێڵی درێژی بنەڕەتی بۆ ئەژمارکردنی کاتژمێری جیهانی (التوقيت العالمي) لە جیاتی هێڵی گرینتیش کە بەبێ هیچ هۆیەکی زانستی یان لۆژیکی ڕوون و ئاشکرا بەسەر جیهاندا سەپێنراوە.

پەراوێزەکان:

١- تەماشای «الزبيدي» (تاج العروس) بکە.

٢- محمد على سلامة، (٢٠٠٣)، الكعبة المشرفة، التأريخ و الوصف. البروج للنشر و التوزيع، القاهرة، ص ١٤٧.

٣- تەماشای تەفسیری ئایەتی (١٤٣)ی سورەتی (البقرة) بکە لە (تفسير القرطبي)دا.

٤- تەماشای تەفسیری ئایەتی (٩٢)ی سورەتی (الأنعام) بکە لە (تفسير إبن عطية)دا.

٥- تەماشای تەفسیری ئایەتی (٩٢)ی سورەتی (البقرة) بکە لە (تفسیر ابي حیان)دا.

٦- تەماشای تەفسیری ئایەتی (٩٢)ی سورەتی (البقرة) بکە لە (تفسیر النفسي)دا.

٧- خالد ابو راس، (٢٠٠٥)، گۆڤاری (عالم السعودية)، ژمارەی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥، کە هێڵی ئاسمانی سعودیە، جیددە، دەریدەکات.

٨- زغلول النجار، (٢٠٠٢)، (من اسرار القرآن)، رۆژنامەی (الأهرام) (٢٨/١٠/٢٠١٢)، قاهیرە، ل١٢.

٩- محمد علی سلامە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥ و دواتر.

10- See: Saad El-Marsefi (2000). The Ka'ba is the center of the World. Dar Al-Manarah, El-Mansoura, Egypt, pp.142,143.

١١- یحیی وزیری، (٢٠٠٨). (إثبات توسط مكة للیابسة). توێژینەوەیەکە لە کۆنگرەی زانستی یەکەمدا پێشکەشی کرد: «مكة المكرمة للیابسة بین النظریة و التطبیق»، لەژێر چاودێری «شرکة ساعة مكة العالمیة»، دەوحە- قەتەر، نیسانی ٢٠٠٨.

12- See: www.googleearth.com

13- See: www.qiblalocator.com

١٤- تەماشای توێژینەوەکەمان بکە بەناوی: "الایات البینات في مكة المكرمة و الكعبة المشرفة". کە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا پێشکەشکرا، لە زانکۆی (محمد الخامس) لە ریبات، مەغریب، ٢٠٠٧. هەروەها لە

کۆنگرەی نێودەوڵەتی یەکەم بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا لە زانکۆی (فرحات عباس)، ستیف، جەزائیر، ٢٠٠٨، لە ڕێکخستنی دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، مەککەی پیرۆز. (دەتوانرێت وانەکە بە دەنگ و ڕەنگ لەسەر پێگەی دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت ببینرێت: www.eajaz).

١٥- یحیی وزیری، (٢٠٠٧) (الكعبة المشرفة... دراسة تحليلية للخصائص التصميمية). تۆماری توێژینەوەکانی کۆنگرەی «ئینربیلد»ی نێودەوڵەتی چواردە، قاهیرە.

١٦- محمد بن عبدالله صالح، (١٩٩٩). (الحرمان الشريفان: توطئة لنشوئهما و توسعهما و تأثيرهما على محيطهما العمراني على مر العصور). لە توێژینەوەکانی کۆنگرەی (عمارة المساجد)، کۆلێژی (العمارة و التخطيط)، زانکۆی (الملك سعود)، ریاز، ل ٧.

١٧- عدنان عبدالمنعم قاضي، (٢٠٠٤). (إختلاف المطالع: تحليل فلكي لحديث كريب). کتێبی توێژینەوەکانی کۆنگرەی حەوتەمی دەستەی جیهانی بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا، دوبەی، ل ١٢.

١٨- تەماشای ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە بکە: chanceandchoice.com



توێـژەری ئـەم توێژینـەوەیـە مـاوەی چەنـدان ساڵە دەسـتیکردووە بـە توێژینـەوە و گـەڕانـی بـەردەوام لەپێنـاو سـەلماندنی ڕاسـتی ناوەندبوونـی شاری مەککەی پیـرۆز لـە وشـکانی گـۆی زەویـدا. توێژینەوەکەی بەهـۆی پێوانـی وردەوە کـە دووریـی نێـوان شـاری مەککـەی پیـرۆز و خاڵـی دیاریکـراوی هەڵبژێـردراو لەسـەر سـنووری کیشـوەرەکانی هـەردوو جیهانـی کـۆن (ئاسیا و ئـەفریقا و ئـەورووپا) و جیهانـی نـوێ (هـەردوو ئـەمریـکا و ئوسـترالیا و کیشـوەری بەسـتەڵەکی باشـور) ئەنجامـداوە.

ئـەم توێژینـەوە زانستییە کـە لـە ڕێـگای پێوانەژمێریەکـی زۆر ورد و وێنـەی مانگـە دەسـتکردەکانەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ بەکارهێنانی بەرنامە ناسراوەکان کـە لـە توێژینـەوە زانستییەکاندا پشـت بـە ئەنجامەکانیان دەبەستریت، دەیسەلمێنیت ((شاری مەککەی پیرۆز ناوەڕاستی وشکانییە)).

هەروەها توێـژەر دووپاتـی کردووەتـەوە کـە مەککـەی پیـرۆز تاکـە شـوێنە لەسـەر گـۆی زەوی کـە ئـەم پێوانەژمێری و ئەنجامانـەی لەسـەر بێتـەدی.

www.haiv.org